# (سیمپولیزمی رەن



لە شاری کراکۆڤی وڵاتی پۆڵەندا پێشانگایەك بەناونیشانی «سیمبولیزمی رەنگەکانی کوردستان»، بۆ حەوت لە هونەرمەندانی کوردستان کرایەوە، کە لەلایەن رۆتاری کلوبی نێودەوڵەتی، فۆت – پییێنکنا فۆتۆگرافیا، و دۆمپۆلۆنی رێکخرابوو، سەرەتای کردنەوەی پێشانگاکە بە ئامادەبوونی مێوانێکی زۆر و پێشکەشکردنی چەند وتارێك لەلایەن بەرپرسانی ئەو وڵاتەو رێکخەرانی ئەم پێشانگایە دەستی پێ کرد، دواتر دیاریی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان و پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر لەلایەن بەرێز (دکتۆر زیاد حوسێن گەردی) پێشکەش بە بەرپرس و رێکخەرانی ئەم چالاکییە هونەرییە کرا، پاشان چەند پارچە موسیقایەکی کوردی لەیەن میوزیکژەنانی کوردستان پێشکەش کرا، لەبەشێکی پیشانگاکەدا خواردن و شیرنەمەنی کوردەواری بۆ ئامادەبووان سازکرابوو، دواتر سەرجەم تابلۆ و رەنگ و کارەکان جێی رەزامەندی و سەرسامیی ئامادەبووان بوون کە دەستخۆشییان لە نیگارکێشانی کوردستان دەکرد.

لە لێدوانێکیدا زیاد گەردی سەرپەرشتیاری ئەم پیشانگایە رایگەیاند: دەمانەوێ لە رێگەی نەخشاندنی ئەم رەنگانە ئەوە پیشانی جیهان بدەین کە کوردستان شوێنی فرەڕەنگی و پێکەوەژیان و ئارامییە و رەنگەکانی کوردستان پەیامی ئاشتی و جوانیی کوردستانیان هەڵگرتووە، ئەوەی لە تواناشماندا بێت، لەم جۆرە کارانە بەردەوام دەبین بۆ گەشەپێدانی فەرهەنگ و رەوتی هونەری کوردی، هیواداریشم کارەکانمان جێی رەزامەندی هەموو لایەك بووبێت و دەستخۆشیش لە نیگارکێشەکانمان دەکەم، هەروەها سوپاسی تایبەتیشمان بۆ قونسولگەری پۆلەندی لە هەولێر هەیە بە هۆی هاوکاریکردنیان بۆ سەرخستنی ئەم کارە هونەرییە.»

گەردی دەربارەی پەیامی پیشانگاکە وتی: «پەیام لە کردنەوەی ئەم پێشانگایەدا زیاتر ناساندن و پیشاندانی ئاستی رەنگ و هونەری کوردی بە ئەوروپییەکان و پۆلەندییەکان بوو، بەوەی کە کوردیش خاوەن هونەرێکی رەسەن و دێرینە و نەخشاندنی تابلۆیە رەنگیەکانی هیچی لە ئاستی هونەری کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان نزمتر نییەو، بەڵکوو زۆر لە پێشتریشە، هەروەها هەر لە رێگەی ئەم پیشانگایەدا ویستمان بە کێشانی تابلۆ رەنگینەکان، ئەم پەیامەش نیشان بدەین، کە کوردستان شوێنی فرەڕەنگی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەیەو هەروا بە فرەڕەنگییش دەمێنێتەوە، رەنگەکانیش پێکەوە ئارامی و ئاشتی و جوانییەکی لە رادەبەدەر بە مرۆڤ دەبەخشێ، هەربۆیەش ناونیشانی پێشانگاکەمان ناونابوو: (سیمبولیزمی رەنگەکانی کوردستان) کە هەر رەنگەو هێمای بەشێکی ژیانی کوردستانی هەڵگرتبوو.»

لەبارەی رۆڵی راگەیاندن لە نیشاندانی ئەم پیشانگایەش وتی: «پێموایە زۆرێك لە راگەیاندنەکان کەمتر بایەخ بەم جۆرە کارو چالاکییانە دەدەن، وەك ئەو بایەخەی بە چالاکییەکی سیاسی دەدرێ، هەرچەندە زۆربەی چالاکییە هونەرییەکانی کوردستان بەشێوەیەکی

# ـــــــگەکانی کوردستان) لە پۆڵەندا گەشایەوە





ناڕاستەوخۆش بێ، پەیامی سیاسیش دەگەیەنێ، بەوەی کە میللەتێك بە ناوی خەڵکی کوررردستان بوونی هەیەو خاوەنی کەلتوور و زمان و خاك و نەریتی خۆیەتی، بۆ ئەمکارەش چەندین دەزگای راگەیاندنی کوردستان پەیوەندییان پێوەکردم و زانیارییان وەرگرت، بەڵام داوای لێبوردنیان کردو وتیان ناتوانین پەخشی بکەین، چونکە ئێمە تەندا کارو چالاکدی سیاسی بڵاو دەکەینەوە.»

زیاد گەردی هەڵبژاردنی وڵاتی پۆڵەندای بۆ ئەم پیشانگایە بە گرنگ زانی و وتی: «پۆلەندامان هەڵبژارد، چونکە هونەر لەلای خەڵکی ئەم وڵاتە نرخ و بەهاییێکی زۆر بەرزی هەیە، هەروەها زۆر رێز لە کولتوور و هونەری گەلانی تر دەگرن، پۆلەندا وڵاتێکە دامەزراوەی زۆری هونەریی هەیەو هونەری کوردییش بە هەموو بەشەکانیەوە لای ئەوان بایەخی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تا رادەیەك کەلتووری پۆلەندی جیا لە ولاتانی دیکەی ئەورووپی نزیکە لە کەلتووری کوردی، لە رووی سیاسیشەوە لێکچوونێکی مێژوویی پۆلەنداو کوردستان هەیە، لە دابەشکردنی وڵات و جینوسایدو بەرەنگاربوونەوەو راپەڕین، ئێمەش پۆلەندامان هەڵبژارد، بۆ ئەوەی پردێکی پەیوەندیی کولتووری و هونەری لەنیوان هەرێمی کوردستان و پۆلەندا دروست بکەین.» گوتیشی: «هەرچەندە رەزامەندیمان وەرگرتووە کە هەموو ساڵێك لە هەمان وادەدا پێشانگایەکی لەم جۆرە پێشکەش بکەین، بە هەمانچەشن لەگەڵ چەندین دەزگاو دامەزراوەی پۆلەندی رێککەوتووین کە وەرزییانەو ساڵانە چەند چالاکییەکی هونەریی کوردستان نمایش بکەین، بەڵام لە ئێستاوە وا کار لەسەر کردنەوەی سێ پیشانگای شێوەکاری دەکەین، دووانیان بۆ کۆتاییەکانی ئەمساڵ لە پاریس و شارێکی دیکەی پۆلەندییە، ئەویتریشیان کارمان لەسەر کردووە کە لە بەرلین ئەنجامی بدەین، بەڵام دەکەوێتە ساڵی نوێ.»

لە کۆتاییدا زیاد گەردی دەربارەی پێشوازیی خەڵك لەو پیشانگایە وتی: «پێشوازیی خەڵك لەو چالاکییە هونەرییەماندا زۆر لە خواستی ئێمە زیاتریش بوو، هەرچەندە پێشبینی ئەوەمان دەکرد، چونکە پێشتر چەندین کارو چالاکیی هونەرییمان بە جوانی و سەرکەوتوویی ئەنجام داوە، کە جێی رەزامەندی بووە، ئەم کارەشمان تەنیا لەکردنەوەی پیشانگایەکی شێوەکاری خۆی نەبینیبۆوە، بەڵکوو لەتەك ئەوەدا چەند شتیترمان پێشکەش کرد، وەك: پێشکەشکردنی چەندین پارچە میوزیکی کوردی، پێشکەشکردنی خواردن و شیرنەمەنی رەسەنی کوردەواری، هەروەها سەرەتای کردنەوەی پێشانگاکە بە چەندین وتار و وەسفکردنی مێژوو و کەلتووری کوردی بۆ ئامدەبووان و رێزلێنان و پێشکەشکردنی دیاریی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان و پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کوردستان بۆ رێکخەران و بەرپرسانی پۆلەندی بوو، کە زۆرێک لە هونەرمەندان و رۆشنبیرانی پۆلەندی ئامادیی خۆیان نیشاندا کە لە ئایندەدا ئەوانیش بەشداربن لەپێشکەشکردنی چالاکیی هونەری لە هەرێمی کوردسان و کردنەوەی پردی پەیوەندیی کەلتووری لەنیوان هەرێمی کوردستان و پۆلەندا.»

لەلایەن خۆیەوە ئەمیر دالی وەکو نوێنەری پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشداربوو گوتی: «ئێمە وەکو گرووپێکی شێوەکاری لە هەولێر و سلێمانی ئامانجمان ئەوە بووە کە بتوانین پێشانگایەکی هاوبەش بکەینەوە لە شاری کراکۆڤی پۆلەندا، بە مەبەستی ئالوگۆڕکردنی کەلتووری کوردی لەگەڵ کەلتووری پۆلەندا و رۆل و ئەرکی ئیمە لەم پێشانگایە ئەوە بوو کە بە ٢٠ تابلۆی جیاواز نیشانمان دا، کە شێوەکاریی کوردییش شتیکی وای کەمتر نییە لە شێوەکاریی بیانی و ئەوانیش زۆر بە سەلیقەوە لە تابلۆکانیان دەڕوانی و لە کۆتانمایشەکەماندا پۆلەندییەکان چەند تابلۆیەکیان گێڕایەوە، بۆ ئەوەی وەك سیمبولێکی نەتەوەکەمان لەلای خۆیان پارێزراو بێت.»

**هونەرمەندە بەشداربووەکانیش بریتی بوون لە:**

ئەمیر دالی-فەرهاد بیبۆ- تاڤگە حوسێن عەبدولقادر- پەیمان عەباس- هەڵمەت بابەکر ئاغا- کوێستان محەمەد- سەفەر عەباس ئاغا- دڵشاد حوسێن- دێرین فەرهاد.



# مەریام هەواڵەکانی نەخۆش کەوتنی بەدرۆ دەخاتەوە

ماوەیەك بەر لە ئێستا خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی ئەلیسا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەواڵی تووشبوونی خۆی بە نەخۆشی شێرپەنجە راگەیاند، ئەمەش مشتومڕێکی زۆری لە ناوەندە هونەرییەکان درووستکرد و زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندان پشتگیری و پشتیوانی خۆیان بۆ ئەلیسا دەربڕی.

دواتر هەواڵی تووشبوونی مەریام فارسیش لە سۆشیال میدیا بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاو بۆوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك دوورکەوتەوە کە لە گەرمەی کاتی گەشتە هونەرییەکان و سازکردنی کۆنسێرتەکان بووە، ئەمەش پڕوپاگەندەکانی زیاتر کرد، بەڵام مەریام گشت ئەو هەواڵانەی رەت کردەوە و بە درۆ وەسفی کرد، لە هەمان کاتدا هیوای چاکبوونەوەی بۆ ئەلیسا خواست و پشتگیری و پشتیوانی خۆیشی بۆی دووپات کردەوە.

بەر لە چەند رۆژێك چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە مەریام رایانگەیاند کە ماوەی چەند رۆژێك دەبێتە خەریکی تۆمارکردنی ڤیدیۆیەکە کە ریکلامە بۆ مارکەی «Red Tag» بەپێی گرێبەستێکی نێوانیان و پێشتریش چەندین جار ریکلامی بۆ مارکەی ناوبراو ئەنجامداوە.

تۆمارکردنی ئەم ریکلامە لە ئێستاد گشت ئەو پڕوپاگەندانەی بە درۆ خستەوە کە باس لە نەخۆشییەکەی دەکەن و هەواڵەکانی مەریامی پشتڕاست کردەوە، لە هەمان کاتدا دڵنەواییەکی زۆری بە جەماوەرەکەی بەخشی و لە ئێستادا چاوەڕێی تازەترین دەرکەوتنی مەریام دەکەن.



# جۆلیا رۆبرتس رقی لە پاکوخاوێنییە


جۆلیا رۆبرتیس یەکێکە لەو ئەکتەرانەی هۆڵیۆد کە لەلایەن جەماوەر و هەوادارانی بە نموونەی جوانی و مۆدە ناسراوە، بەڵام بەم دواییە لە میانەی دیمانەیەکدا ئەو ئافرەتەی لە ماڵی جۆلیا کاری دەکرد، راستییەکی دەربارەی ژیانی تایبەتی ئەو ئەستێرەی هۆڵیۆدی ئاشکرا کرد، کە دەبێتە مایەی شۆك بۆ جەماوەرەکەی.

ئەو ئافرەتە لە دیمانەیەکدا رایگەیاند: جۆلیا زۆر رقی لە خۆشۆردنە، بۆیە زۆر بە دەگمەن خۆی دەشوات و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین بیانووی بێ بنەما دەدۆزێتەوە، لە گرنگترین ئەوەیە کە خۆی بە دۆستێکی ژینگە دەزانێت و هەوڵ دەدات ئاو بە هەدەر نەدات و زوو خۆنەشۆردن هۆکارێکی باشە بۆ پاراستنی ئاوی پاك.

خزمەتکارەکە ئەوەشی راگەیاند کە جۆلیا بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بە پاکوخاوێنیی خۆی نادات، تەنانەت کرێمەکانی لابردنی بۆنی ئارەقی لەشیش بەکارناهێنێت.

خزمەتکارەکە باسی چەند لایەنێکی دیکەی ژیانی جۆلیای کرد و وتی: جۆلیا خاوەن ئیرادە و کەسایەتییەی بەهێزە، رەنگە ئەمەش بۆ ئەو رۆڵانە بێت کە لە فیلمەکانیدا دەیبینێت، ئەو هەمیشە خاوەن بیر و ڕا و بیرۆکەی نوێیە و هەوڵ دەدات بیرۆکەکانی جێبەجێ بکات، ئەمەش بە پشتبەستن بە کەسایەتیی بەهێزی خۆی و رووبەڕووبوونەوەیە، چونکە ئەو هەمیشە خۆی بە کەسێکی بەهێز دەزانێ و هانی ئێمەی دەدا کە شانازیی بە کەسایەتی و ئافرەتبوونی خۆمانەوە بکەین، ئەمەش وایکردبوو ببێتە خاوەن پێگەیەکی بەهێز لەسەر ئاستی هونەری و ژیانی تایبەتی.





# ئاشلی سیمبسۆن
# بە گۆرانییەک وەڵامی لیندسی لۆهان دەداتەوە

زۆر جار هونەرمەندان بەتایبەتی ئافرەتان رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە لەسەر چەند بابەتێکی تایبەت بە ئەکتەرە پیاوەکان، تەنانەت هەندێکیان دوای جیابوونەوەی هاوڕێکانیان لە هاوسەرەکانیان راستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ دەبەستن کە دەگاتە ئاستی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری.

خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی جیهانی ئاشلی سیمپسۆن ل میانەی بەرنامەی The Fifth کە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا پڕ جەماوەرە رایگەیاند ئەو گۆرانییەی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ بەناوی (Boyfriend) بڵاوی کردەوە و مشتومڕێکی زۆری لەسەر ئاستی هونەری و جەماوەری نایەوە، پەیامێکی تایبەت بوو بۆ لیندسی لۆهانی کە ئەکتەرێکی ناسراوە و ئەو کات هاوڕێیەکی نزیکی بووە.

تێکستی گۆرانییەکە دەربارەی هاوڕێکەی لۆهانە و تێیدا ئاشلی دەڵێ: (من خۆشەویستەکەی تۆم لێت نەدزیوە)، بەڵام پێشتر لە دیمانەیەکدا رایگەیاندبوو مەبەستی خۆشەویستی پێشووی لۆهان بوو کە ئاشلی ناسیویەتی و دواتر خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست ببوو، بەڵام ئەو کات خۆشەویستیی خۆی دەرنەبڕیبوو.

ئاشلی لەم دیمانەیەدا زۆر نهێنی دیکەی دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی و پەیوەندیی لەگەڵ هاوڕێکانی و هۆکاری سەرکەوتنی بەرهەمە هونەرییەکان، بەڵام دووبارە سەبارەت بە لیندسی لۆهان دوا و زۆر شتێ نوێی باس کرد و گوتی: یەکێك لە هاوڕێ خۆشەویستەکانم لۆهان بووە، من و ئەو هاوڕێی زۆر نزیك بووین و زۆربەی کات بە یەکەوە بووین، بەڵام بە هیچ شێوەیەك هەوڵم نەداوە هاوڕێکەی لێ بستێنم، یان نێوانیان تێك بدەم لە پێناو بەرژەوەندیی خۆم، بۆیە بە پێویستم زانی ئەم گۆرانییە پێشکەش بکەم، کە پێموایە چەندین پەیامی زۆر گرنگ لەخۆ دەگرێت بۆ لۆهان، هیوادارم بتوانێت لەم پەیامانە بگات.



### نیللی مەقدسی:

# هونەری کوردی هونەرێکی بەرزە و زۆر لە هونەرمەندە عەرەبەکان سوودیان لێی وەرگرتوو

نیللی مەقدسی، ماوەیەکی زۆرە لە بواری هونەردا بە بەردەوام کار دەکات، ئەگەرچی ماوەیەکی کورت لەبەر چەند هۆکاری تایبەت دوورکەوتەوە، بەڵام کاتێك گەڕایەوە بە توانایەکی زیاترەوە هاتەوە نێو مەیدانی هونەر، وەك خۆی لەم دیمانەیەی گوڵان ئاماژەی پێدەکات، ئەگەر دەرفەت هەبێت و رۆڵێکی گونجاوی پێشکەش بکرێت، ئەوا ئامادەیە روو لە نواندن بکات، هەروەها ئەوەش دەخاتەڕوو کە زانیاری دەربارەی هونەری کوردی هەیە، هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ژەنیارانی عەرەب زۆر سوودیان لە میوزیکی کوردی وەرگرتووە.

دیمانە/ خەلیل بلەیی

*** چۆن وەسفی هونەری دەکەی؟**

- هونەر تاکە ڕێگایە کە وامان لێدەکات ڕووبەڕووی گرفتەکانی ژیان بینەوە لە هەر ئاستێك، ئاستی خێزان یان نیشتمان، موزیك خۆشترین هەست بە مرۆڤ دەبەخشێت، تەنانەت کاتێك بە بارودۆخێکی سەخت و دژواریشدا تێپەڕێت ئەو تاکە دەرچەیە بۆ ڕزگاربوون لەو گرفتانە.

*** پێتوایە لەئێستادا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان لە پێشخستنی هونەردا هەیە؟**

- لە ماوەی ڕابردوودا سەرکەوتن لە ڕێگای هۆکاری دیکەوە بووە وەك تیڤی، ڤیدیۆ و ئاهەنگەکان کە ئێستا تا ڕاددەیەکی شێوازیان گۆڕاوە، بەڵام لە ئێستادا سۆشیال میدیا ڕۆڵی هەیە کە پێموایە وەك هەر دیکە شتێك لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی خۆی هەیە، لەوانە بەخێراییەکی زیاتر دەگاتە زۆرترین ڕێژەی خەڵك، لە هەمان کاتدا پێویستە تایبەتمەندیی خۆی هەبێت و لە هەموو شوێنێك نەبێت، بەڵام پێموایە بە تێپەڕبوونی کات باشتر بێت.

*** گرنگترین ئەو ئاستەنگانە چین کە ڕووبەڕووت بوونەتەوە؟**

- ئاسان نییە کە هونەرمەند بتوانێت پابەند بێت بە ڕەنگێکی گۆرانی و بیپارێزێت و بەردەوام بێت لە سەرکەوتن، گشت ئافرەتە هونەرمەندەکان لە سەرەتای کاروانی هونەرییانەوە ڕووبەڕووی ئەم گرفتە دەبنەوە، بەڵام ئەگەر هونەرمەند بە ئیرادەوە کار بکات بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی ئەم ئاستەنگانە دەپووکێنەوە.

*** چۆن وەسفی ڕکابەرێتیی نێوان هونەرمەندان دەکەی؟**

- بەشێك لەو ڕکابەرێتییە دەتوانین بڵێین ئاساییە، هەندێکیشیان جۆرێك ئیرەیی پێ بردنی تێدایە، سەبارەت بە خۆم دەڵێم: بوونی ڕکابەرێتیی کارێکی تەندروستەو پێویستە ئەم (ڕکابەرێتییە شەریفە) هەبێت، چونکە وات لێدەکات خۆت زیاتر ماندوو بکەی و کاری باشتر پێشکەش بکەی کە سەرکەوتووتر بن لە کاری پێشوومان.

*** هیچ هونەرمەندێك بەشێوەی نائاسایی ڕکابەریتی کردووە؟**

- وەك گوتم، جۆرێك لە ئیرەیی پێ بردن هەیە، زۆر جار ئەمەم لە چاوی هەندێك کەس هەست پێکردووە بەرامبەر بەخۆم، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندیم لەگەڵ هونەرمەندان باشە و خۆشەویستی لە نێوانماندا هە یە .

*** ئایا هیچ گۆڕانکارییەك لە ستایلی هونەریتدا ڕووی داوە، بەتایبەتی دوای ئەو ماوەیەی کە لە هونەر دوور کەوتبوویەوە؟**

- نەخێر، هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی ڕووی نەداوە، هەر گۆڕانکارییەك ڕوویدا بێت لەبەر ئەوە بووە کە موزیك و دابەشکردنی و تەنانەت شێوەی گوێگرتنی خەڵك لە موزیك و گۆرانییەکان گۆڕاوە، بۆیە هونەرمەندیش پێویستە خۆی لەگەڵ ئەم سەردەمە و گۆڕانکارییانەدا بگونجێنێت و ستایلەکەی لەگەڵ ئەو موزیکەدا بگونجێت کە ئەو ماوەیە بوونی هەیە، بەڵام ئەو ستایلەی کە هونەرمەند پێی ناسراوە هەر وەکو خۆی دەمینێتەوە، من خۆم جگە لە لوبنانی بە ستایلی میسریش گۆرانیم وتووە ئاساییە بە شێوازەکانی دیکەش گۆرانی بڵێم ئەگەر لەگەڵ دەنگی من گونجاو بێت.

*** هیچ ئەزموونی نواندنت هەبووە لە ژیانتدا؟ ئایا بیری لێدەکەیتەوە؟**

- نەخێر، لە نواندن کارم نەکردووە، ئەگەر ڕۆڵێك هەبێت کەسایەتی خۆمی تێدا بدۆزمەوە، یان ئیزافەیەکی هونەری بێت بۆ من، ڕەنگە ئەمە تاقی بکەمەوە، بەڵام هەموو توانای خۆم بۆ گۆرانی تەرخان کردووە.

*** ئایا گۆرانی (مفیش رجاله) پەیامێکی ئاشکرای هەبوو بۆ بەرگریکردن لە ئافرەتان یان گۆرانییەکی ئاسایی بوو؟**

- بێگومان ناونیشانی هەموو گۆرانییەکان پەیامێکی دیاریکراویان هەیە و (مفیش رجاله)ش یەکێکە لەو گۆرانییانە کە پەیامەکەی بریتییە لە بەرگریکردن لە ئافرەت، لە ماوەی ڕابردوودا هەستم کرد کە توندوتیژی زیاتر بووە بەرامبەر بە ئافرەتان و پەیامێکە بۆ ئەو پیاوانەی کە پیاوەتی خۆیان ناپارێزن و بەشێوەیەکی هەڵە دژی ئافرەت بەکاری دەهێنن، بۆیە پێویستە ئافرەتان پەیامی خۆیان بگەینن، ئەگەر تەنانەت بە شێوەی ئیقاعیش بێت کە زووتر دەگات.

*** هیچ زانیارییەکت لەبارەی هونەری کوردی هەیە؟**

- بێگومان زانیاریی زۆرم لەبارەی هونەری کوردییەوە هەیە، بەشی ڕۆژهەڵاتیی هونەری عەرەبی زۆربەی لە هونەری کوردییەوە وەرگیراوە، چونکە هونەرێکی ڕەسەنە و میلۆدی جوان و سەرنجڕاکێشی هەیە و زۆر لە هونەرمەندە عەرەبەکان سوودیان لێی وەرگرتووە.

*** ئەگەر میلۆدی و تێکستێکی کوردی هەبێت، گۆرانی بەزمانی کوردی دەڵێیت؟**

- بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو داواکارییە دەکەم، لە ماڵەوەش کار لەسەر فێربوون و پرۆڤەکردن لەسەر گۆرانی کوردی دەکەم، بەڵام ئەگەر گۆرانی بە زمانی کوردی بڵێم، دەبێت گۆرانییەکی باش بێت و زۆر کاری لەسەر بکەم، بۆ ئەوەی کارێکی باش و شایستە پێشکەش بە هەوادارانم لە کوردستان بکەم.

*** ئەو دەرهێنەرانە کێن کە هیواخوازی کاریان لەگەڵدا بکەی؟**

- من هیوا ناخوازم لەگەڵ کەس کار بکەم، هەموو ئەو دەرهێنانەی کاری جوان و باشم لەگەڵ کردوون، حەزدەکەم هەر لەگەڵ ئەوان کار بکەمەوە، واتە ئەو کارانەی سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە و ئەوان لە پێشترن لەگەڵ خەڵکانی دیکە، هەروەها حەزدەکەم کار لەگەڵ ئەوانەش بکەم کە پێشتر ئەزموونم لەگەڵیان نەبووە، بۆ ئەوەی خۆم بە شێوەیەکی جیاواز ببینم، لەگەڵ زۆریان کارم کردووە، ڕەنگە هەندێك ناوی سەرکەوتوو هەبێت کە تا ئێستا دەرفەت نەبووە کاریان لەگەڵدا بکەم، بەڵام دوور نییە لە داهاتوودا پێکەوە کار بکەین.

**ئەگەر ڕۆڵێک هەبێت کەسایەتی خۆمی تێدا بدۆزمەوە، یان ئیزافەیەکی هونەری بێت بۆ من ڕەنگە بواری نواندنیش تاقی بکەمەوە**

**پێویستە ئافرەتان پەیامی خۆیان بگەینن ئەگەر تەنانەت بەشێوەی ئیقاعیش بێت کە زووتر دەگات**

**گشت ئافرەتە هونەرمەندەکان لە سەرەتای کاروانی هونەرییان تووشی گرفت دەبنەوە، بەڵام ئەگەر هونەرمەند بە ئیرادەوە کار بکات بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی ئەم ئاستەنگانە دەپووکێنەوە**